# یەکەم دڵداری

هۆنراوەی شالاو

یەکەم داوی خـــــۆشەویستی
یاری کردن بە ئـــــــاگرە
ئەودڵــــــەی کە نەتوێتەوە
ئای لەودڵـــە خۆڕاگـــــرە

یەکەم گـــــڕی خۆشەویستی
یەکەم گڵپەی دڵی من بـــــوو
یەکەم عیشـــقی سەرەتایی و
دوایین پۆلوی ئاگری دڵ بوو

ژان و سووتان وئـــــازاری
یەکەم بڵێسەی دڵــــــداری
لە نێو دڵدا هەر دەمێنـــــێ
یەکەم جارو دوا جـــــاری

گەرچی ئێستا لە من دوورە
ئەو ئاگرو گــــــڕە سوورە
بەڵام لە دڵ زۆر نزیـــــکە
ئەوسووتانە بــــێ سنوورە

دڵی من زۆر خۆڕاگـــــــرە
لە بەرامبەر ئەم ئاگـــــــرە
یەکەم داوی خۆشەویستـــــی
یاری کردن بـــــــە ئاگرە

shallaw1@hotmail.com